کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 23:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فیڵ لە جەماوەر یان خۆشاردنەوە لە پشت دەمامکەوە؟!! (سەبارەت بە خۆپیشاندانەکەی ئەم دواییەی سویسرا) ... بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە

ڕۆژی دووشەمە 29 ی ئۆکتۆبەر خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا دژ بە لەشکرکێشی ئەمریکا لە بێرن (پایتەختی سویسرا) ڕێکخرا، کە جەماوەرێکی بەرچاو ئامادە بوو.
دیارە لەم ڕەوشەی ئێستای کوردستاندا و گەلەکۆمەکییەی لە سەر کورد و دۆزەرەواکەی لە باشوری کوردستاندا لە ئارادایە، هەر جۆرە بزاڤێک و چالاکییەک دژ بە تورکیا مایەی دەستخۆشییە و بەشداری و ئامادەبوونیش تێیدا بە ڕای من ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە و خزمەت بە بەشەرییەتیشە. بەڵام مافی هەر تاکێکیشە پێش ئەوەی ئامادەبێت و بەشداری تێدا بکات، کە بزانێت کێ ڕێکی دەخات و ئامادەکاری بۆ دەکات، چونکە مەرج نییە هەموو کارێک لە ڕوی دڵسۆزی و نیشتیمان پەروەرییەوە بێت.
ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئەم خۆپیشاندانە وەک پێشتر بانگەوازی بۆ کراو لە سایتەکاندا بڵاو کرایەوە، کە (کومیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا ) ڕایگەیاندوە و سازی دەکات، بۆ نمونە کلکیکی ئەم لینکە بکەن
< http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=cihan&article=6923 >
کەچی بە پێی وتارێکی کە ئەمرۆ لە سایتی کلاوڕۆژنەدا خوێندمەوە لە لایەن کاک (هێمن ڕەوف) ناوێکەوە نوسراوە و وەک دیارە ئەندامی چاکە، لە پەیوەند بە ئەم خۆپیشاندانەدا دەڵێت (خۆشبەختانە ئێمە تەحەددامان کرد و توانیمان خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەین... )، من لێرەدا وەک بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە (پاش دەستخۆشی لە ئامادەکەرانی) دەپرسم ئایا چاکی سویسرا ئەم خۆپیشاندانەی ڕێکخست یان (کۆمیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا ) ؟؟ چونکە هەست دەکەم جۆرە فێڵێکم لێکراوە. !! دیارە من پەیوەندییەکم بە کێشەی ناوخۆی چاک و دوولەت بوونییەوە نییە. بەڵام خۆ ئەگەر کۆمیتەی سویسرای چاک ڕێکیخستوە بۆچی بە ناوی خۆیەوە بانگەوازی بۆ ناکات و دەمامک لە سەر دەکات؟؟ ئایا دەترسێت وەک خۆپیشاندانەکەی جنێف، کە بە ناوی خۆیانەوە ڕاگەیانگەیاند بوو، تەنها دەپانزە کەسێک ئامادەبن؟؟!! وەک دواتر و لە کاتی خۆیدا ئەم کاک (هێمن ڕەوف) ە شیوەنە وتارێکی لە سەر کەم ئامادەبوونی کوردەکان بۆ ئەو کارە نوسیت بە بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێت چییە و بۆ دە کەسێک ئامادە بوونە. دەمێکە فلادیمیر لینین گوتویەتی کە (ئەگەر بە ناوێک بێزرایت بە ناوێکی تر بچۆرە ناو جەماوەرەوە) تۆ بڵێیت لقی چاکی سویسرا سودی لە ئەم تێزە بینیبێت؟؟ دەبێت چاکی سویسرا، یان ببورن (کۆمیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا ) وەلاممان بدەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.